" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی ولاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەلانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس"

rahmayub@yahoo.de

# سەربەستیی ئابوری خۆی عەینی عەداڵەتە

نوسەر: موسی غنی نژاد

وەرگێڕ: ئەیوب ڕەحمانی

لای عامەی خەڵک و بە تایبەت لە لای ڕۆشنفکران سەربەستیی ئابوری بە قەدەر سەربەستیی سیاسی ئەرزشی نیە. سەربەستیی ئابوری زۆر جار وەکو سەربەست بون لە دزین و چەوساندنەوە باسی دەکرێت. ڕۆشنفکرانی چەپ تەئکید دەکەنەوە کە ئەرکی سەر شانی حکومەتە کە لە کارو باری ئابوری خەڵکدا دەست تێوەردان بکات و ئیزن نەدات کە سەربەستیی ئابوری ببێتە قازانج کێشانەوە و زوڵم و زۆر. دەسمایەدارەکان کە دایمە و دەرهەم بە شێوەی سروشتیی دەیانهەوێت هێزی خۆیان بە بەرزترین شوێن بگەێنن، لەم داخوازیانەی ڕۆشنفکرەکان وەک کەرەستەیێک بۆ بەهانەی زیادکردنی هێزی خۆیان کەڵک وەردەگرن. لێک جیا کردنەوەی دو چەمکی سەربەستیی سیاسی و ئابوری و لە بەرانبەر یەکتر دانانی ئەوانە، لە دۆزراوەکانی (کەشفییاتی) ئایدۆلۆژیە چەپگەراکانە و دەبێتە هۆی خراپ تێگەیشتنی چەمکی سەربەستیی بە شێوەی گشتیی و چۆنیەتی گەیشتن بەم ئازادیانە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سەربەستیی ناتوانرێت بە چەند چەمکی دژی یەکتر دابەش بکرێت بەڵکو هەموی یەک چەمک و پێکەوە سازانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دەتوانێت قەوارەی جۆربەجۆر بە خۆیەوە بگرێت. سەربەستییە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و هتد هەر هەمویان لە سەر یەک ستون داندراون و ئەویش مافی خاوەنداریتی و هەڵبژاردنیی تاکە کەسی مرۆڤەکانە. هەر مرۆڤێک خاوەنی گیان و ماڵی خۆیەتی. مافی کەڵک وەرگرتن لەم خاوەنداریتیە یا بە وتەیێکیتر مافی هەڵبژاردن لە چالاکیە سیاسیەکان، ئابوریەکان، کۆمەڵایەتیەکان و هتد ناو دەنێن سەربەستیی. کە دیارە نابێت هیچ شکێک لەوەدا هەبێت کە مافی خاوەندارێتیی شەخسی نیهادێکی کۆمەڵایەتیە و مانەوە و زەمانەتی ئەو پێویستیی بە بڕیاراتیی گشتیی یا خۆ بڕیاراتیی هەمەگیرە.

ئەوەی کە چەپەکان وەک سەربەستیی ئابوری ڕەخنەیان لێی هەیە لە ڕاستیدا ئازادی بەستنیی بڕیاراتی هاوکاری لە بەینی کەسە سەربەست و موختارەکاندایە. بورهانەکانی ئەوان لە سەر ئەو بنەمایەن کە ئەگەر خاوەن کار کە خاوەنی دەسمایە و کەرەستەی کارە و کرێکار کە تەنیا خاوەنی هێزی کاری خۆیەتی سەربەست بن کە لە بەینی خۆیاندا پەیمانی کار یا گرێبەست ببەستن، ئیرادەی خاوەن کار بە سەر کرێکاردا سەردەکەوێت و لە ئاکامدا ڕابیتەی هێزی نابەرابەر لە بەینی ئەواندا بە چەوساندنەوە و کارلێکێشانەوەی کرێکار تەواو دەبێت. خاوەنکارەکان کەمن و دەتوانن بە ئاسانی پێکەوە ئیئتیلاف یا چەواشەکاری بکەن لە کاتێکدا کە کرێکاران کە زۆر زۆرترن، پرژ و بڵاو و لە حاڵەتی هەڕەشەئامێزدان و بۆیە ناتوانن لە مافەکانی خۆیان لە بەرانبەر ئەو بەرە ناموقەدەسەدا بەرگری بکەن. هەر بۆیە پێویستە

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

که هێزێکی بێ لایەنی سێهەم بە ناوی حکومەت لە بەینی خاوەنکارەکان و کرێکاراندا خۆی هەڵقورێنێت و پشتگیری لە مافی زەعیفەکان لە بەرانبەر زۆردارەکاندا بکات. لەم حاڵەتەدا حکومەت ناچار دەکرێت کە سەربەستیی گرێبەست لە بەینی دو لایەندا پێشێل بکات و بە پێی لێکدانەوەی خۆی ئیرادەی خۆی جێگری خواستی تایبەت بە کەسەکان و خواستە بڵاوەکانی هاووڵاتیان بکات. پێشنیاری ئەکیدی چەپەکان و ڕۆشنفکرەکان بۆ پێشێلکردنی سەربەستیی هاووڵاتیان و لەم باسە تایبەتەدا بە بەهانەی دامەزرانی عەداڵەت دەهێندرێتە پێش و دەتوانرێت بکوترێت کە ئەم کردەوە لە ناو ڕای گشتیدا کەم تا زۆر بە زیادەوە قەبوڵ دەکرێت.

نرخی کەرەستەکان و خزمەتگوزاریەکان لە بازاڕی ئازاددا کە بە شێوەی ڕای سەربەستانەی کۆمەڵێکی زۆر لە بەکارهێنەران و بەرهەمهێنەران (داواکاری و بەرهەم یا تەقازا و عەرزە) دادەندرێت، یەکێکیتر لە ڕەخنەکانی چەپەکانە بە سەربەستیی ئابوری. ئەمانە ئیدیعا دەکەن کە نرخەکان لە بازاڕی ئازاددا زۆر جار بە زەرەری زۆربەی بەکارهێنەران (مەسرەفکەران) و بە قازانجی کەمینەی بەرهەمهێنەران شکڵ دەگرێت و هەر بۆیە ئەمە زاڵمانەیە. ئەوان دەڵێن کە بۆ بەرپا کردنی عەداڵەت پێویستە کە حکومەت دەست بە کار ببێت و بە لێکدانەوەی خۆی نرخێکی گونجاوی عادیلانە دابنێت. لێرەشدا ئیرادەی حکومەت جێگری داخوازیەکانی دو لایەنی ئابوری دەکرێت و سەربەستیی هەڵبژاردنی ئازادانەی هاووڵاتیان بە ناوی عەداڵەت پێشێل دەکرێت. نرخدانانی دەوڵەتی هەمیشە دەبێتە هۆی نەبونی هاوسەنگی لە بازاڕەکاندا. دانانی نرخی کەمتر لە حەدی هاوسەنگ دەبێتە هۆی دروست بونی زیاتر بونی حەدی داواکاری (مازادی تەقازا) و دواجار دەوڵەت بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە ناچار دەبێت بەوەی کە سیاسەتی یارانەیی (بەرهەمهێنان یا بەکارهێنان) بگرێتە بەر. یارانە لە ئەساسدا ئەو مەبلەغەیە کە دەوڵەت بە هۆی دانانی نرخی دەوڵەتی دەبێ بیدات، کە دیارە دەوڵەتیش هەر لە کیسە و لە گیرفانی هاووڵاتیان وەری دەگرێت و بە زەرەری خەڵکە.

ڕەتکردنەوەی سەربەستیی ئابوری بەو جۆرەی کە باسی کرا، بە هەر بەهانەیێک کە بکرێت بە ڕونی نیشاندەری پێشێلکردنی ئەسڵە بنەڕەتیەکانی مافی مرۆڤ واتە مافە سروشتیە (فیتریە) لەپسان نەهاتوەکانی تاکە کەسەکانە. خاڵی گرینگ و زەریف لەم ناوەدا ئەمەیە کە هەر بەو جۆرەی کە باسی لێکرا، حکومەتەکان خۆیان دەست لەم کارەوە دەدەن، یانی نیهادێک کە بە پێی سروشتی خۆی پێویستە کە پشتیوان و زەمانەتکەری مافی هاووڵاتیانی بێت، دەبێتە گەورەترین پێشێلکەری ئەو مافانە. هۆی ئەم شتە دەکرێت لە بونی خراپ تێگەیشتنی هزری مودێرن و هەروەها شکڵدانەوەی ئەو لە پێکهاتنی نیهادە مودێرنەکاندا بۆی بگەڕێین. دامەزرێنەرانی هزری سیاسی مودێرن باوەڕیان وا بو کە حکومەت وەک نوێنەری گشتی خەڵک لە ئەساسدا ڕۆڵی قازی یا حەکەمی لە ئەستۆیە، بە واتایێکیتر ئەوەی کە هاووڵاتیان لە مافەکان و ئیختیاراتەکانی خۆیان بە دەوڵەتی دەسپێرن، مافی داوەری و لێکدانەوەیە و نەک شتێکی تر. بیرمەندانێکی وەک جۆن لاک لە سەر ئەو باوەڕە بون کە زەڕورەتی بونی دەوڵەت لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە حاڵەتی دروست بونی کێشە و جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیاندا لەمەڕ بەدەست هێنانی مافە فەردیەکانیان، تەنیا کەسێک ناتوانێت بە تەنیا هەم شکایەتکەر و قازی و یا تاوانبار و قازی بێت، بەم هۆیە پێویستە کە نوێنەرانێک لە بەینی خەڵکدا هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی کە لە حەلی کێشەکاندا قەزاوەت بکەن. بە باوەڕی ئەو (جۆن لاک) هاووڵاتیان مافی قەزاوەتی کەسێتی خۆیان بە دەوڵەت دەدەن تا وەک تەرەفی حقوقی بێ لایەن کێشەکانی بەینی ئەوان کۆتایی پێ بێنێت. خاڵێکی گرینگ کە پێویستە تەئکیدی لە سەر بکرێت ئەوەیە کە ئەو سپاردنی ئیختیاراتە بە هیچ جۆرێک مافی خاوەنداریتی تاکە کەسەکان (حقوق مالکیت افراد) لە خۆی ناگرێت و لە ڕاستیشدا بۆ پاراستن و زەمانەتی مانەوەی ئەم مافانەیە کە دەوڵەت دروست دەکرێت.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بەڵام بەشێکی دیکە لە فەیلەسوفەکانی قۆناخی مودێرن تەفسیرێکی جیاواز لە سپاردنی مافی هاووڵاتیان و حەد و ئیختیاراتی دەوڵەتی دیمۆکراتیک پێناسە دەکەن. بە باوەڕی ژان ژاک ڕۆسۆ، هاووڵاتیان بە هەڵبژاردنی حکومەتی دیمۆکراتیک نە تەنیا مافی قەزاوەت بەڵکو هەمو ماف و ئازادیەکانی خۆیان بە حکومەت دەسپێرن و بەم جۆرە دەوڵەت بە "ئیرادەی گشتی" تەبدیل دەکرێت. بە دوای دروست کردنی وەها حکومەتێک، هاووڵاتیان ئیتر هیچ مافێکی فەردی یا کەسێتیی خۆیانیان نیە و ماف و ئیختیاراتی گشتیی جێگری ماف و ئازادیە فەردیەکان دەکرێت. ئەم تەعبیرە نادوروست و زد و نەقیزە لە حکومەتە کە ڕێگای (تضییع) زایع کردن و پێشێلکردنی مافی کەسێتیی بە بەهانەی حاکمیەت و دەسەڵاتداریی ئیرادەی گشتیی دەکاتەوە. (وەرگێڕ: دیمۆکراسی یا ئیرادەی گشتی بە مانای پێشێلکردنی مافی تاک لە کۆمەڵگادا نیە).

دەخاڵەتەکانی دەوڵەت لە بواری مافەکانی خاوەنداریێتیی تاکە کەس و لە ئاکامدا دامەزرانی ئابوری سوسیالیستی (دەوڵەتی) بە وەها تێڕوانینێک بە حکومەت جێگای تەفسیرە. ئەگەر مەبەست لە دامەزراندنی دەوڵەت پارێزگاری لە مافەکان و ئازادیەکانی هاووڵاتیان بزانین، سپاردنی هەمو ئەو مافانە بە دەوڵەت هیچ ئاکامێکی بێجگە لە ناتەواو بونی مەبەستەکەمان تێدا نیە. تەنیا بە پارێزگاری لە مافەکانی گشت لە بەرانبەر تاکە کەسدا، یا بە واتایێکیتر بە باوەڕ بە هزری سوسیالیستیە کە دەتوانرێت ڕابیتەی بەینی خەڵک و حکومەت ئا بەم شێوە تەعریف بکرێت. بەڵام بەم وەسفانە لە سوسیالیزم بەوە دەگەین کە سوسیالیزم لە ڕاستیدا شکڵێکی نوێیە لە کۆیلەداری کە لەویدا کەسەکان هیچ ئازادی و خاوەنداریێتییێکیان لە خۆیان نیە و هەمو بڕیارەکان بە شێوەی گشتی لە لایەن حکومەتەوە دەگیردرێت.

هەر دو تێڕوانینی ئازادیخوازانە (لیبراڵ) و سوسیالیستی لەمەڕ ڕۆڵی حکومەت، لەگەڵ هەمو دژایەتیە سەرەکیەکانیان لە گەڵ یەکتر، هەردوکیان لە دروست بونی نیهادە مودێرنەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییە پێشکەوتوەکاندا و هەروەها لە هەمو قوژبنێکی جیهاندا ئەسەر دانەر بون. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە سونەتە فەردگەرایانە و مافی مرۆڤی و ئازادیخوازانەکان (لیبراڵ) لە کۆمەڵگا مودێرنە ئوروپایەکاندا ڕیشەدارتر بوە، تێڕوانینی سوسیالیستی نەیتوانیوە بێجگە لە دەورانێکی کورتی تایبەتی مێژویی بە سەر هەمو کۆمەڵگاکاندا سەرکەوێت. ڕاستە کە دەوڵەتەکان با بڵەین حدودەن لە هەمو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا کەم یا زۆر لە چالاکیە ئابوریەکاندا خۆ تێکەڵ دەکەن. بەڵام بونیادی نیزامی ئابوری ئەوان لە سەر ئازادی و مافی خاوەنداریێتی فەردی دانراون یانی بە واتایێکی تر لایەنی سەرکەوتو سەربەستیی ئابوریە و نەک سوسیالیزم. بەڵام لە کۆمەڵگاکانیتر و لەوانەش لە وڵاتی ئێمە (وەرگێڕ: نوسەر مەبەستی ئێرانە) قەزیەکە جیاوازە. بە پێی هێندێک بورهان کە خۆیان پێویستیان بە باسێکی جیاواز هەیە، لە وڵاتی ئێمە (و: مەبەستی نوسەر ئێرانە) هزری سوسیالیستی زۆرترین تەئسیری لە سەر نیهادە ئابوری- سیاسیەکان داناوە. حکومەتەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا خۆیان بە نوێنەری "ئیرادەی گشتی" دەزانن کە ئیختیاری هەمو ئازادیەکان و مافی هاووڵاتیان یەک جێ بە ئەو سپێردراوە. ئەوان ئیزن بە خۆیان دەدەن کە لە تایبەتیترین بوارەکانی ژیانی خەڵکدا و لەوانە لە بڕیارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان و ژیانی ئابوریشیان خۆ هەڵقرێنن. کە دیارە ئەم خۆ تێ هەڵقڕاندنانە کە بە پێشێل کرانی مافی فەردی تاکە کەسەکان کۆتایی پێ دێت، دایمە بە شیعاراتی گشتی و موبهەم وەکو بەرژەوەندی گشتی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هیتر تەوجی یا چەواشە دەکرێت.

لە بەرچاوترین نمونەکانی پێشێلکردنی سەربەستیی ئابوری کە لە سەرەتای ئەم نوسراوەدا باسیان لێ کرا، دەتوانین دەخاڵەت لە بەستنی گرێبەستە ئازادەکانی کار لە بەینی هاووڵاتیاندا و نرخدانانی کەرەستەکان و خزمەتگوزاریەکان ناو لێ بەرین. لە بەبەت یەکەمینیانەوە، دەوڵەت بە بەهانەی پشتیوانی لە زەعیفەکان لە بەرانبەر بەهێزترەکاندا بەرگری دەکات لە بەستنی گرێبەستێکی ئازاددا لە بەینی کرێکار

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

و خاوەنکار و لە ڕاستیدا حاڵەتێکی تایبەت کە خۆی (و: دەوڵەت) پێی باشە بە سەر هەردوکییاندا دەیسەپێنێت. لە بۆچونی فکری ئازادیخوازانەوە ئەم کردەوە پێشێل کردنی بەرچاوی مافی مرۆڤە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت بە چونە ناو بوارێکەوە کە شایستەی ئەو نیە (بواری ئیختیارەکانی تاکە کەس) مرۆڤ لە سەربەستیی بڕیاری چارەنوسیی خۆی مەنع دەکات. حکومەت بە ناوی نوێنەری "ڕای گشتی" (چەمکی سوسیالیستی) ئیدیعا دەکات کە باشتر لە هاووڵاتیان بەرژەوەندی ئەوان دەناسێت و لە کردەوەدا بە بچکۆلە پێناسە کردنی مرۆڤ، سەرپەرەشتی و ڕێگا پیشاندەری ئەوان لە ئەستۆ دەگرێت.

ئاکامی پێشێلکردنی ئازادی تاکەکان هەر بەوجۆرەی کە تەجروبەی هەمو کۆمەڵگا مرۆڤیەکان نیشانی داوە، زەرەر بینینی عامەی خەڵک و بە تایبەت چینی خوارەوەیە. ئەگەر کرێکاران و هاووڵاتیانی دیکە ئازاد بهێڵرێن کە ئەنجومەنە سەربەخۆ و خۆرسکەکانی (سەندیکاکانی) خۆیان پێک بێنن باشتر دەتوانن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان پارێزگاری بکەن، تا ئەوەی کە دەوڵەت ئیختیاراتی بڕیاردانیان لێ بگرێت. دیارە مەبەست ئەو سەندیکایانە نیە کە دەوڵەت دروستی کردون یا خۆ سەر بە دەوڵەتن کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمیدا باون، بەڵکو نیهادهایێکی خۆرسک و بە ڕاستی خەڵکین کە نمونەکانی ئەوان دەتوانرێت لە وڵاتانی پێشکەوتوی سەنعەتی ببیندرێت.

گرینگترین زەرەری دەستدرێژی و خۆتێ هەڵقوڕاندنی حکومەت لە گرێبەستەکانی کاردا هەر بەو جۆرەی کە لە وڵاتی خۆمان (و: مەبەستی نوسەر ئێرانە) شاهیدی ئەوەین درێژتر بونەوەی ڕێژەی سەفی بێکارەکانە بە هۆی ئەوەی کە خاوەنکارەکان و دەسمایەدارەکان مەیلیان لە وەرگرتن و خستنە سەر کاری هێزی کاری نوێ نیە. ئەوەش دیارە کە هەرچی سەفی بێکاران زیاتر و درێژتر بێت، زەخت هێنان بۆ کەمکردنەوەی حەقدەستەکان لەوەی کە دەبێت لە بازاڕی کاردا ببێت، زیاد دەکات و بەمجۆرە تەنانەت ئەو کرێکارانەش کە لە سەر کارەکانیانن ئا لەم دەخاڵەتانەی حکومەت زەربە دەخۆن. بەرژەوەندی زۆربەی کرێکاران تەنیا بە یەک شێوە بەڕاستی دەپارێزرێت و ئەویش دروست کردنی حاڵەتی ڕەونەق یا گەشەی ئابوریە و پێک هێنانی داخوازی زۆرتر بۆ خستنە سەر کاری هێزی کاری زیاترە و ئەمەش پێک نایات مەگەر بە ئازاد کردنی بازاڕی کار و خۆتێهەڵنەقوڕاندنی حکومەتە لە بەستنی گرێبەستە ئازادانەکانی بەینی هاووڵاتیان.

کۆنترۆڵ کردنی نرخەکان شێوەیێکی زۆر مەرسوم و مەعمولی تری پێشێلکردنی ئازادی ئابوریە لە لایەن حکومەتەکانەوە. لێرەشدا بەهانە هەر پشتیوانیە لە چین و توێژە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا و بەرپا کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتیە. نرخەکان لە بازاڕە کێبەرکێیەکاندا (ڕەقابەتی) لە ڕاستیدا نیشاندەری ڕای ئازادانەی هاووڵاتیانە لەمەڕ چۆنیەتی بەکار گرتنی سەرچاوە کەمە ئابوریەکان. ئەگەر نرخی نیسبی کەرەستەیێک زیاد بکات ئەوە بەو مانایەیە کە بەکارهێنەران یا خۆ کڕیاران بە هەڵبژاردنێکی سەربەستانەی خۆیان داواکاری بەرهەمهێنانی زیاتری ئەو کەرەستەیەن و بەم شێوە کڕیاران بە دانی نرخە زۆرترەکانی خۆیان بەرهەم هێنەران تەشویق بە بەرهەم هێنانی زیاتر دەکەن. لە وەها حاڵەتێکدا ئەگەر حکومەت بە دەخاڵەتی خۆی بەرگری بکات لە چونە سەرەوەی نرخەکان چی دەقەومێت؟ یەکەم ئەوەی کە زانیاریەکان لەمەڕ ڕاستی و دروستی حەدی داخوازیەکانی کڕیاران یا بەکار هێنەران چەواشە دەکرێت و بەرهەم هێنەران لە بابەت بڕیاردان بۆ دروست کردنی زیاتری ئەو کەرەستە ڕێژەی ئاماری نادروست و ناتەواویان دەبێت و لە ئاکامدا یەکسانی بەرهەم هێنان و بەکار بردن (عەرزە و تەقازا) لەناو دەچێت و زیاد بونی داواکاری بە سەر بەرهەمهێناندا پێک دێت. ئەوجار حکومەت بۆ چاککردنەوەی ئەم کێشەیە ناچار بە دەخاڵەتی زیاتر دەبێت، یانی ئەوەی کە یا دەبێت بۆخۆی بە بەرهەم هێنان و یا وارد کردنی ئەو کەرەستەیە نوقسانیی بەرهەم هێنان حەل و فەسڵ کات و یا ئەوەی کە یارانەی نرخ بدات. لە هەر حاڵەتدا ئاکامی ئەم کارانەی حکومەت کەم تا زۆر وەک یەک وایە و ئەویش خەرج کردنی پوڵی نەتەوایەتی وڵاتەکەیە بۆ بەرقەراری

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

نرخی سەقامگیر، بە واتایەکی تر وەرگرتنی پوڵ لە گیرفانی عامەی خەڵک بە ڕێژەی کەسانێکی زۆر لە بەکارهێنەران یا کڕیارانە. خاڵێکی زۆر گرینگ کە داخوازانی ئەم جۆرە لە سیاسەتی کۆنترۆڵی نرخەکان لە باسی ئەو کارەیان خۆ دەپارێزن، هەر ئەو چۆنیەتی پەیداکردن و دانی خەرجی ئەم جۆرە سیاسەتانە و نەدرکاندنی ئاکامە ڕاستیەکانی ئەوانەیە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هیچ حکومەتێک، هیچ جۆرە سەرچاوەیێکی داهاتی جیاوازی لە خۆی نیە و هەمو سەرچاوەکان هی خەڵکن. کەواتە هەر خەرج کردنێک لە لایەن حکومەتەکانەوە لە کیسە و گیرفانی خەڵک هەلدەگیرێت. ئەوەی کە گوایا دەوڵەت دەتوانێت نرخی کەرەستەیێک یا چەند کەرەستە سەقامگیر بکات چەواشەکارییێکی گەورەیە چونکو ئەوەی کە دەوڵەت بە بەڕێوە بردنی ئەم جۆرە سیاسەتە دەیگرێتە پێش، لە ڕاستیدا وەرگرتنی جیاوازی (مابەالتفاوت) نرخەکانە لە کۆمەڵی بەرینی خەڵک و دانی ئەو جیاوازیە بە ئەو کەسانەی کە بەکارهێنەر یا کڕیاری ئەو کەرەستە تایبەتەن. کەواتە ئەوە هەر خەڵک خۆیانن کە لە ئاکامدا قەبزی حیسابەکان دەدەن کە دیارە ئەم قەبزی حیسابە سروشتیە کە زۆر قورستر و گرانتر لەو حاڵەتە دەبێت کە لەوێدا کۆنترۆڵی نرخ ناکرێت. بۆ ئەوەی کە بێجگە لە جیاوازی نرخەکان کە دەوڵەت دەیدا و لە خەڵکی دەسێنێتەوە، بەڵکو دەبێت هەزینە و خەرجی دایرە حکومیەکان و کارمەندەکانیان و هەروەها گەندەڵیە ئیداریەکانیش هەر خەڵک بیدات. لەوانەیە کە لە هێندێک بواردا حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی سەقامگیرکردنی نرخ بەس بە بایع کردن یا سەهمیەبەندی ڕەزایەت بدات و لە دانی ئەو جیاوازی نرخی داواکاریەی (مازادی تەقازا) کە لە بازاڕدا هەیە خۆی بپارێزێت کە لەم حاڵەتەشدا ڕون و ئاشکرایە کە بازاڕی دولایەنەی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی (بازاڕی ڕەش) دروست دەبێت کە ئەمیش زەرەر و زیانەکانی تایبەتی خۆی هەیە و ئیزافە بەر ئەمەش دەشێ بڵێین کە ئەوجۆرە سیاسەتی سەقامگیر کردنی نرخانە لە کردەوەدا بە پەیدا بون و زیاد بونی بازاڕی غەیرە ڕەسمی واتە قاچاخ تەواو دەبێت.

چیرۆکی پێکەنینی خۆتێوەگلاندنەکانی حکومەت لە ئابوردا لەوەدایە کە هەمو ئەم کردەوە لەخۆڕا و زەرەربەخشانە بە ناوی عەداڵەت دەڕازێننەوە. پێشێلکردنی ئازادیەکان و مافە ئابوریەکان وەکو پێشێلکردنی مافی بەستنی گرێبەستی سەربەخۆیانەی کار، چەواشە کردن و خراپکردنی ئاکامی هەڵبژاردنە سەربەخۆکانی کڕیاران و بەرهەم هێنەران، گەیاندنی دەسمایە لە هێندێک لە هاووڵاتیانەوە بە کۆمەڵێکی تریان، وەئەستۆگرتنی هێندێک خەرجی بێخود و بێهودە و لەناو چونیێکی زیادەی لەخۆڕای سەرچاوە ئابوریەکان هەر هەمویان شاهیدی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ و بێ عەداڵەتین. سەقامگیر بونی نرخی بەرهەمە نەوتیەکان لە وڵاتی ئێمەدا (و: مەبەستی نوسەر ئێرانە) چ مانایێکی بێجگە لە گەیاندنی دەسمایە لە کۆمەڵانی کەم داهاتەوە بە کەمینەیێکی بە داهاتی زۆرەوە کە زۆرترین بەش لەم بەرهەمانە بەکار دێنن، هەیە؟ حکومەت بە هێنانە خوارەوەی نرخی قازانجی بانکەکان و باوەشێن کردنی زیاتربونی قڵشی بازاڕی دولایەنەی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی پوڵ، یارمەتی بە چ کەسانێک دەگەێنێت؟ بە وام وەرگرە گەورەکانی کە زۆربەی ئەوانە شیرکەتە دەوڵەتیە ناکارئامەد و زەرەربەخشەکانن یا خۆ چالاکانی ئابوری حەدی ناوەڕاست و حەدی چکۆلەن کە زۆر بە کەمی دەستیان بە سەرچاوە پوڵیەکان دەگات و ناچارن کە پێداویستیەکانی خۆیان لە ڕێگای بازاڕی ڕەشەوە وەدەست خەن؟ ئایا دانی قەبزی نرخی ناکارئامە بون و گەندەڵی شیرکەتە دەوڵەتیەکان، لە ڕێگای هەڵگرتنی پوڵ لە حیسابی ئەو کەسانە کە بۆ پاراستنی نرخی پوڵە پاشکەوتەکانی خۆیان ناچار بون کە پەنا بەرنە بەر نیزامی بانکی، ئەمە تا چەندە لە گەڵ بنەماکانی عەداڵەت و ئینساف دەخوێنێت؟ پڕ کردنی گیرفانی قازانج خۆرەکان بە زەرەری بەرهەم هێنەران و بەکارهێنەران یا کڕیاران، کە لە ڕێگای سەقامگیر کردنی نرخی کەرەستەکانی وەکو چیمەنتۆ و پۆڵا و هتد سەر دەگرێت، چ پەیوەندییێکی بە خێرخوازی یا خۆ عەداڵەتەوە هەیە؟

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

هەمو ئەم نمونانەی سەرەوە یەک قاعیدەی گشتی تێدایە و ئەویش ئەمەیە کە ئەگەر هەمو بڕیارەکان حکومەت بیبڕێتەوە، ئاکامەکەی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئازادی هاوولاتیان، و لە هەموی گرینگتر پێشێلکردنی ئازادی و سەربەخۆیی ئابوری لە ئاکامی خۆیدا بە بێ عەدالەتی و زولم و زۆر دەگات.

ئەمە ڕاستییەکە کە زانست و تەجروبەکانی مرۆڤایەتی تا ئێستا دەستی تەئیدی سەر خستوە.

30ی بانەمەڕی 2708

سەرچاوە: http://www.iranianliberalism.com/ghaninejad/economicfreedom.htm

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com